# غەززە ئیسلامییەکانی کورد بۆ جیهاد ئامادە دەکات

ئازاد محەمەد

دوای هێرشی ئەمدواییەی ئیسرائیل بۆ کەرتی غەززە، کە لە وڵامدانەوەی مووشەک هاوێژی حەماس بۆ ئەو وڵاتە بوو. گەلێ وڵات و پارتی ئیسلامی و عیلمانی و هەروەها میدیاکانی جیهانیی لێدوان و راپۆرتی جۆراوجۆریاندا. من نامەوێت پڕۆمە ناخی ئەو مەسەلەیەوە. مەبەست لەم بابەتە ئەو لێدوانەی بەڕێز م.علی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراقە، کە لە لێدوانێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فارس کە هی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، وتی: "بەتەنیا نابێت ئەو هێرشانە مەحکووم بکرێت، بەڵکو دەبێت وڵامێکی توندتر لە مەحکوم کردن بە ئیسرائیل بدرێتەوە. دوای ئەو هەمووە کوشت و کوشتارە عەیبە کە مسوڵمانان قسە لەسەر وتووێژ و ئاشتی بکەن. حزبوڵا و حەماس باش دەزانن کە ئیسرائیل تەنیا و تەنیا بە وڵامدانەوەی سەربازی بێدەنگ دەکرێت. ئێستا کاتی شەڕە و سەرکردەکانی عەرەب نابێ فریو بخۆن چونکە ئیسرائیل بە شەڕ عاقڵ دەکرێت" و هەروەها ناوبراو داوای لە مسوڵمانانی جیهانیش کرد کە "لە شەڕ دژی ئیسرائیل یارمەتی حەماس بدەن".

پتر لە 60 ساڵە شەڕ و پێکداداان لە نێوان فەلەستینییەکان و جوولەکەکانیی ئیسرائیلدا لە ئارادایە و هەتا توانیویانە لەیەکتری کوشتن وماڵی یەکتر پڕین درێغییان نەکردووە و ئەو گشتە وڵاتە عەرەبییە دەوڵەمەندەش لە ئالی سعوودەوە هەتا ئالی نەهیان، لە یەک شەو رابواردن و خوشگوزەرانییان درێغییان نەکردووە و هەر لەو شەوانەی کە ئاسمانی قودسی پیرۆز لەلایەن دوو رکابەری خاکەوە مووشەک باران دەکرێت، لەو وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییانەدا، لەسەردانی فڵانە ئەکتەری ئافرەت یان خود فڵانە وەزیری بیانی بە دەیان کیلۆ زێڕ و میلۆنەها دۆلار خەڵات دەکرێن و بە خۆشییانەوە کامە خواردنەوە حەرامە دەیخۆنەوە بەڵام لە کوردستانی ئێمە لەکاتێکدا کوردی ستەم لێکراو لە نێوان چوار وڵاتدا دابەشکراوە و بگرە بەشە ئازادبووەکەیشی رۆژانە پیلان نەماوە بۆ لەناوچوونی نەگێڕدرێت و کەرکووکی هەمیشە کوردستانیی بۆ هاتنەوە سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا لە شەش و بێشدایە، دەبێ خەم بۆ ئەو فەلەستینییەی بخوات کە وێنەی سەددام حوسەینیان بە شانازییەوە بەرز دەکردەوە و پێی هەڵدەپەڕین.

لە روویی هەستی مرۆڤایەتییەوە هەر مرۆڤێک دەبێ خەم بۆ قوربانیانیی تیرۆر و رەشەکوژی و زوڵم و ستەم بخوات. هەم بۆ قوربانیانی خەڵکی سڤیلی کەرتی غەززە و هەمیش بۆ ئەو ئیسرائیلییانەی کە بوونەتە قوربانی تیمەکانیی تیرۆری فەلەستینییەکان. دیارە لە رووداوی ئەم دواییەی کەرتی غەززە، مەحموود عەبباس سەرۆکی فەلەستینیی هەر دوای مووشەک هاوێژییەکە رایگەیاند

حەماس تاوانبارە چونکە ئەو ئاگربەستەکەی بە ناردنی چەند مووشەکێک بۆ ئیسرائیل بەزاندووە. لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی قودسیشدا کەم نەبوون ئەو بریندارانەی دەرپری ئەو بیرۆکەیە بوون.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ بانگەوازی شەڕ لەلایەن ئیسلامییەکی کوردستانەوە بکرێت؟ کامە وڵاتی ئیسلامی لە ئەنفال و کیمیابارانی حەڵەبچە و قەتڵوعامی قارنێ و قەڵاتان و گۆرە بە کۆمەڵەکانیی کوردستانی باکوور فرمێسکییان بۆ کوردێکی مسوڵمان یان مسوڵمانێکی کورد رشت؟ بۆیە دەڵێم کوردێکی مسوڵمان یان مسوڵمانێکی کورد چونکە بەداخەوە ئەو دووانەش بە هۆی حزبە ئیسلامی و عیلمانییەکانەوە لە یەکتر جیاکراونەتەوە. واتە هەندێکیان ئەمەندە مسوڵمانن بۆ ڕێزنان لە سروودی نەتەوایەتی کورد پێی هەڵسانیان نیە بەڵام بۆ سروودی "سر زده از افق"ی کۆماری ئیسلامی ئێران، حەزی دانیشتنیان نیە و هەندێکیشییان خۆیان ئەمەندە بە کورد و عیلمانی دەزانی، دەیانویست قورئان بۆ عەرەبستان بنێرنەوە.

مەگەر ئیسلام دینی ئاشتی و رەحمەت نیە؟ ئەی بۆ دەبێ بانگەوازی شەڕ بکەین کام وڵاتە بە شەڕ عاقڵ بووە و بە کوشتاریش سەقامگیریی بە خۆوە دیتووە؟ ئەوە کلتووری یەکتر قبووڵکردن و دیموکراسی راستەقینەیە کە دەتوانێ ببێتە تاکە چارەسەری کێشەکان لە نێوان کلتوور و نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکاندا. خودا لە قورئان دەفەرمێ: "ئێوەمان لە زمان و نەژادی جۆراوجۆر دروستکرد بۆ ئەوەی پتر تێبگەن". ئێمەی لە زمان و نەژادی جۆراوجۆر بۆ ئەوە دروست نەکرد کە پتر شەڕی یەکتر بکەین و مووشەکی باشتر بۆ یەکتر بهاوێژین. نموونەکەی عێراقە، بە شەڕ و کوشتار سەددام حوسەین و حزبی بەعس رووخا بەڵام رۆژانە دەیان سەددام و مالکی و مەشهەدانی و جەعفەری و موقتەدا سەدر لە دایک دەبن و خواهەڵناگرێت شارەزاتر لە سەددامیش رۆڵییان دەنوێنن. پاشانیش هەر ئەو حەماسەی فەلەستین کە برادەرانی ئیسلامی بە حەماسەوە باسی لێوەدەکەن ئیسماعیل هەنیەی سەرۆک وەزیرانیی لە 10/6/2006دا وتی: "پێشمەرگە جەماعەتێکی چەتەن و هەموویان عەسابەن". لە دەسەڵات بەدەست گرتنیشییەوە لە کەرتی غەززە ئابووری ئەو دەڤەرە 8% دابەزیوە و 70% کۆمپانیا ئابوورییەکان داخراون.

لە گەلاوێژی 1980ەوە بە هۆی فتوای ئایەتوڵا خومەینی جیهاد دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیەندراوە و هەنووکەش درێژەی هەیە. رۆژانە دەگرن و دەکوژن و دەسدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و نامووسی هاوئایینییەکانمان، ئەوەتا مامۆستا مەلا ئەیوب گەنجیش خەریکە بە چارەنوسی شەهیدان ئەحمەد موفتیزادە، ناسری سوبحانی، فاروقی فەرساد، مامۆستا مەلا محمد رەبیعی دووچار دەبێت. باشە بۆ فزەیەک لە خوازیارانی شەڕ دژی پێشێلکارانی مافی

ڕەوای ئینسانی دەرنایەت و بۆ یەکجاریش هیچ کە ئیدانەی ناکەن، ئاماژەیەکیش بە ناوی قوربانیان و قاتڵانیان ناکەن و بگرە لەیادی کۆچی ئایەتوڵا خومەینیش لە هۆتێلی چوارچرا سەرەخۆشیشی بۆ دەگرن و لەیادی دامەزراندنیشیاندا نامەی فدایت شوم (بەقوربانتان بم)یان بۆ دەنووسن. بۆ مەگەر برا کوردەکانی ئەو دیو سنوور مسوڵمان نین،مرۆڤ نین؟ دیارە ئەو حەوت پێشمەرگەی حزبی دیموکرات وا بزووتنەوەی ئیسلامی رادسەتی ئێران و پاشانیش ئێعدام کران لە چوارچێوەی فتواکەی گەلاوێژی 1980دا بووە. بۆ پێتان وایە خوێنی برا عەرەب و عەجەمەکانتان لە خوێنی ئەو برا کوردانە گەشترە؟ ئەی بۆ راناگەیەنن دەبێ بە شەڕ دژی ئەو حکوومەتە بووەستین وا خەریکی کوشتاری مسوڵمانانی کوردە؟

پارتە ئیسلامی و عیلمانییەکانی تورکیا بە هاوکاری سوپاکەیانەوە هەر کوردە و بەبیانووی جۆراوجۆرەوە دەیانکوژن ئەرێ بۆ یەکجاریش بووە داوا لە وڵاتە ئیسلامییەکانتان بکەن با سەرباز رەوانەی تورکیا و ئێران بکەن، بەرەنگارەی تورک و عەجەم ببنەوە با ئیدی ئەوەندە کوردی مسوڵمان نەکوژرێت. ئەوە نیە ئێمەی مسوڵمانی کورد و مسوڵمانی عەرەب، خوا و قورئان و پێغەمبەرمان یەکێکە دەبا جارێکیش بووە ئەوان بە هانامانەوە بێن. خۆ بە ناشوکری نەبێت هەموو سەروەت و سامان و هێز و دەسەڵاتەکە لای ئەو بەناو برایانەیە. بۆ دەبێ منی کوردی وڵات دابەشکراوی بێدەسەڵات هەمیشە گیانفیدای عەرەب بم. بەدڵنیاییەوە ئەگەر عەرەبستانی سعوودی و کۆماری ئیسلامی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان واتە تێکدانی ئەزموونەکەمان نەبێ، هەرگیز عاشقی چاو و برۆی کورد نەبوونە و نین کە بێن پشتیوانی ئیسلامییەکانیی کوردستان بن. ئەوە نیە، وا کاریگەر بوونەتە سەر مێشک و بۆچوونی هەندێ لە برادەرانی ئیسلامی کە رادەگەیەنن: "دەبێ بە شەڕ وڵامی ئیسرائیل بدەینەوە" بەڵام هەرگیز ئیدانەی کردەوەکانی ئێرانی ئیسلامی و تورکیای ئەربەکان و ئەردۆغان ناکەن کە رۆژانە سنوورمان بۆردوومان دەکەن و بەم زستانە، سەدان هاووڵاتییان لەسەر سنوورە دابەشکراوەکان ئاوارە کردووە. کەرتی غەززەی فەلەستین ئیسلامییەکانی کورد بۆ جیهاد ئامادە دەکات بەڵام ئیسلامییەکانی کورد بێدەنگ و بێهەڵوێستین بەرامبەر هاوئایین و هاورەگەزەکانیان لە رۆژهەڵات و باکووری کوردستان.